بابەتی هەڵبژاردە

کەمال رەئووف موحەممەد



# دوو مستەفا شەوقی

بەشی یەکەم

## پێشەکی

سستیی و یەکنەگرتوویی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کۆن . . نەبوونیی دەزگاینکی ئارشیڤیی پارێزەری کەلەپووری ڕۆشنبیریی و بەڵگەنامەی کۆن و – نوێ – باوەڕ پێکراو . . تەنانەت کەمتەرخەمیی پیاوانی ڕۆژگاری جاران ، نەك هەر بەرهەمێکی زۆر ، بەڵکو هەتا ژیاننامەو چارەنووسی گەلێ زاناو ئەدیب و شاعیرو زمانەوان و ڕۆژنامەنووس و پیاوانی خێرخوای لەدەست داوین . . سا یان هەر گڵە کوێر بوون ، یان پرشی و بلاو لە پەنا پاسارو ئارشیڤی بێگانەدا بلاوبوونەتەوەو گەردی ڕۆژگاریان لەسەرەو چاوەنۆڕی یاریی گەردوون و ماندووبوونی دڵسۆزانن .

پاش گەشانەوەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە کوردستانی عێراقدا – ١٩٧٠ ، وابوو دەرووازەی شادیی لە کەلەپووریش کرایەوەو چەندین (ناو)ی نادیارو بەرهەمداری پیاوچاکان ، بەرە بەرە کەوتنە بەرچاو . . یەکێك لەو (ناوانە)ش کە هێشتا وێنەیێکی فۆتۆگرافیشی بەرچاو نەکەوتووە ، (مستەفا شەوقی)یە کە لەگەڵ چاپکردنەوەی کۆمەڵە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (بانگ‌کردستان –١٩٢٢)[1])دا لەلایەن کاك جەمال خەزنەدارەوە ، ئەو (ناوە) بە ڕۆژنامەنووسێکی درەنگی ئەو ڕۆژنامەیەش بینرا . . بەڵام پێش (ئەم) کاك د . مارف خەزنەدار ، لە لێکۆڵینەوەی خۆیدا (شیعری سیاسی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا – ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گێتیی) لە گۆڤاری (کۆلیجی ئەدەبیات – ژ ١٥ : ١٩٧١–١٧٩٢)[2] دا وێنەی (شیعر)ی مستەفا شەوقی «!» خستبووە بەرچاو – گۆیا یەکەم جارە بلاودەبێتەوە – کە قەسیدەیێکی «٢٦» تاکەو سەرەتاکەی دەڵێ :

**لـــه تـــەئسیری فسوونی رۆژی تـــابـــان عـــالـــەمی شۆری**
**مەگەر تۆ چاوەکانم میری «!» کوردان هێشتا مەخمووری**

هەتا کۆتایی کە دەڵێ :

**بەبێ تۆ کەهورو سۆرانو موکری ، موڵکی «!» بابان زار**
**کە گێژی بەختیاری چونکە مەستی ئەورۆ لێت تووری «!»**

د . مارف لە پێشەکی بلاوکردنەوەکەیشدا – سەرچاوەیشی دەستنووسێکی مامۆستا نجەمەددین مەلایە – پتر دەڵێ : (ئەم پارچە شیعرەی شەوقیو پێشەکی یەکەی پەخشانە، دەبێ لە ساڵانی ۱۹۱۹–۱۹۲۰ لە رۆژنامەی «ژین»ی ئەستەنبوولّ چاپ کرابێ) بەڵام لە لایێکی دیدا دەڵێ : (لە دەستنووسەکەی نەجمەددین مەلادا ئەم شیعرە پێشەکی یەکەی لە «ژین»ی ئەستەنبوولّ بلاوکراوەتەوە بەبێ ئەوەی ژمارەکە دەستنیشان بکا «!»(۳) .

د . مارف ، بۆ ئاشناکردنی (مستەفا شەوق)ش ، لە پەراوێزدا هەر هێندەی بەدەستەوە بووە بڵێ : (خەڵکی سلێمانی بووە . . ماوەیێك لە ئەستەموولّ ژیاوە . شاعیرێکی نیشتمان پەروەرو خاوەن زەوق بووە(٤) .

کۆششی د . مارف بەرامبەر (مستەفا شەوق) بەرەو پێش چووەو بەهۆی «۲» ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان : ۱۹۱۹ ئەستەنبوولّ)ی فۆتۆکۆپی کراوی کاك عەبدولسەتتار تاهیر شەریفەوە ، هاتووە لە لێکۆڵینەوەیێکی دیدا ، لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان – ژ ٤۳ و ٤٤ی ۱۹۷٦ و ۱۹۷۷)دا ، وێنەی «ژ : ۹»ی رۆژنامەی باسکراوی نیشانداوە کە (شیعری – قاضیزادە : . . شەوق) تێدایە بە ناوی (جوانان)ەوە ، ئەوی «۲٦» تاکەو سەرەتاکەی دەڵێ :

**هـــەڵستـــاوون جـــەوانـــانی وەتـــەن دیـــسان بـــەبێ بـــاکی**
**لە حەسرەت دەوری کۆنەی موڵکی بابیان هاتنە چالاکی**

هەتا کۆتایی کە دەڵێ :

**لـــــــــە رێگای دەوری «هـــــێوی»**
**یـــەعنی ئومـــێد دەست بـــەدەست دەگرن**
**بـــە عـــیـــلم ومـــەعـــریـــفـــەت تـــێر ئـــاو**
**بـــکـــەن جـــا خـــاکـــەکـــەی پـــاکی**

د . مارف لەم شوێنەدا سەبارەت (قاضی زادە : . . . شەوق) بەجۆرێکی جیاوازتر لە یەکەم جاری ، باس دەکاو دەڵێ (لێرەدا پێویستە هەڵەیێکی خۆم راست بکەمەوە . لەو ووتارەدا شاعیرم بە خەڵکی سلێمانی داناوە . راستی یێکەی مستەفا شەوق لە بنەماڵەی «قازی» شاری سابلاغی مەهابادی کوردستانی ئێرانە . لە ئوسلووبی شیعرەکانیشی هەندێ ئەدگاری شێوەی ناوچەی موکریان دیارە . زیاد لەسەر ئەمەش ، لە رۆژنامەکەدا شاعیر خۆی نووسیویەتی «قاضی زادە : . . شەوق»(٥) .

هەتا ئێرە ئاشکرایە ، د . مارف لای لە مستەفا شەوق رۆژنامەنووسی (بانگ کوردستان – ۱۹۲٦) نەکردووەتەوە ، هەروەها ناوی بلاوکراوەی (پەیژە – ۱۹۲۷) نەبردووە ، هەروەها ناوی نامیلکەی مامۆستا عەلی باپیر ئاغا (شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد – ۱۹۷۳)(٦)ی نەبردووە کە دەڵێ : (مستەفا شەوق ، قازی بووەو لە بنەماڵەی گەورەی کوردستان بەهەشتی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بووە) .

بەم جۆرە – وا پێدەچێ «!» – هەتا ساڵی ۱۹۸۰ لە د . مارف بەولاوە – بە لێکۆڵینەوە – کەسی دی لە (مستەفا شەوق) یان (قاضی زادە . . . شەوق شاعیر) نەدوواوە :

لە لایێکی دیەوە ، کاك مومتاز حەیدەری رۆژنامەنووس (رێگاییکی دی گرتووە) بۆ ئاشناکردنی مستەفا شەوق (رۆژنامەنووس) و کردو کۆشی بۆ کردووەو لە (یەکەم میهرەجانی رۆشنبیری کوردی – نیسان ۱۹۸۰ هەولێر)دا لێکۆڵینەوەیێکی بە ناوی (مستەفا شەوقو پەیژە)وە پێشکەش کردووە کە بە تەواوی لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ – ژ ۸۳ : ۱۹۸۱)دا بلاوکراوەتەوە . . ئەم کۆششە چاکەیشی دوو سەرە بووە بۆ

ئاشنا کردنی بڵاوکراوەی (پەیژە – ١٩٢٧)و (مستەفا شەوق) بڵاوکەرەوەی کە بۆ – کەسی – ئەم ڕۆژنامە نووسە پرس‌و ڕاییکی زۆری کردووەو گفتاری (دەم‌و دوویی) بۆ وەرگرتووە.

هەتا ئەو هەلەش، کاك مومتاز لای لە (قاضی زادە : مستەفا شەوق) شاعیر نەکردووەتەوە.. بەڵام هەر کاك مومتاز لە مانگی ١٩٨٥/٩دا هەمان لێکۆڵینەوەی، – بە وێنەی پەیژەو تێکستەکانییەوە – بە شێوەی کتێبی (مستەفا شەوق وپەیژە) لە چاپ‌داوە.. ئەم جارە سێ لایەنی دیی قووڵتر وەرگرتووە کە لایەنێکی (وەڵامدانەوەی) د. مارفەو بڵاوکردنەوەی (گوتار)ێکی د. مارفە بە ناوی (دوکتۆر مستەفا شەوق – شاعیری نیشتیمانپەروەری خاکی موکریان)[٧] کە لە شوێنێکی دیدا بڵاونەکراوەتەوە.

تێکڕای لێکۆڵینەوەی کاك مومتاز لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)و کتێبی (مستەفا شەوق‌و پەیژە)دا. سەبارەت بە (کەسی) مستەفا شەوق ئەم هەواڵ‌و پرسیارانەیە – دوو هەواڵی نوێشی لە دوو کەسی ڕواندزییەوە بۆ هاتووە – کە ئێمە بە کورتیی یادیان دەکەینەوە :

● مستەفا شەوق – لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧ یان ١٩٣٨ هەتا ١٩٤٠ «!». (زابت تەجنید بووەو بێ‌خێزان‌و منداڵ بووەو بە دڵ وەستان لە هاوینی ١٩٣٩دا لەڕواندوزو کۆچی کردووەو نێژراوە. دووای مردنی کابرایێك لە سلێمانییەوە هات‌و دەیگوت : مستەفا شەوق کوڕی پوورمە)[٨].

● کاك مومتاز – سەر ئەنجام – لە کتێبەکەیدا دەڵێ : بە پێی زانیاریی ئەو کەسانەی ناووم بردن‌و هەروەها بە گوێرەی باری سەرنجەکانم (بیگومان) مستەفا شەوق خەڵکی کوردستانی عێراق‌و بەتایبەت شاری سلێمانیی بووە!

پتر دەشڵێ : (کەواتە قازی زادە شەوق. مستەفا شەوق نی‌یە، بەڵکو یەکێکی دیکەیە)[٩].

● کاك مومتاز بەرامبەر سەرچاوەکەی د. مارف – دەست نووسەکەی نەجمەددین مەلا – دەڵێ : (کێ دەڵێ مامۆستا نەجمەددین مەلا لە دەست‌نووسەکەی خۆیدا باسی دوکتۆر مستەفا شەوق دەکات، باسی مستەفا شەوق‌یەکەی لەمەڕ گۆڤاری «پەیژە» ناکات کە ڕۆژنامەنووس بووەو لە ئەستەموولیش ژیاوە؟)[١٠].

● دوواجار کاك مومتاز چە لە باسەکەی نێو میهرەجانەکەدا چە لە کتێبەکەدا دەڵێ : (چاپ‌کردنی ئەم باسەو چاپ‌کردنەوەی گۆڤارەکە – پەیژە – ك. ر. م – سەرەتایێك دروست دەکات بۆ ئەوەی بە فراوانیی‌و قووڵیی لەم گۆڤارەو خاوەنەکەی بکۆڵرێتەوە.)[١١]

بەم جۆرە – لە کورتیی – دەردەکەوێت کە «٢» مستەفا شەوق – ناو – شاعیرو ڕۆژنامەنووس هەبوون کە هەردوو برادەر لەسەر ئەو ڕایەن ئەگەر چی کاك مومتاز (گومانیشی) هەیە!. ئەمجا ئایا «٢» ناوی وەها هەن؟. ئێمە لەگەڵ ڕێزمان بۆ ڕاستیی‌و هەردوو ئەم لێکۆڵینەوەیە دەخەینە ڕوو کە تایبەتە بە (کەسی) مستەفا شەوقییەوە!

بەشی یەکەم

● ڕۆشنایی نوێ بۆ (قاضی زادە : مستەفا شەوق) شاعیر.

ئە : بۆ بیرو ڕاو لێ‌نووسینەکانی د. مارف (هەتا ١٩٧٦–١٩٧٧) بەرامبەر (قاضی زادە : مستەفا شەوق) و پرسیاری کاك مومتاز لە دەست‌نووسی – نامەخانەی د. مارف – مامۆستا نەجمەددین مەلا. ئەوا وەفادارانە ڕاستیی دەخەینە ڕوو کە ئەوەیە : «٣٠» ساڵێ پێش هەردووکیان. بگرە پێش مامۆستا عەلی باپیر ئاغا. هەر نەجمەددین مەلا خۆی، باسی مستەفا شەوق و (پەخشان‌و شیعری : هاواری دایکێ – ٢٤ دێڕی).

بڵاوکردووەتەوە. بە ڵگەیش (ڕۆژنامەی : ژین – ژ ١٣٢٤. ساڵی ٣١. پێنج شەمموو : ١٩٥٦/١٢/٦. ل ٤) کە بە ناونیشانی «شیعرو شاعیرەکانمان : قاضی زادە – مصطفی شوقی» باسی گێڕاوەتەوو دەڵێ :

(له ژماره «۱»ی گۆڤاری هەفتەیی «ژین» که ساڵی ۱۹۱۹!م ، له لایەن : حەمزە ، مەمدووح سەلیم ، کەمال فەوزی بەگەوە، له ئەستەموولْ دەر ئەچوو وەرگیراوە) .

پتر دەڵێ (ئەدیبی مەزن ، قاضی زادە : مصطفی شوقی له بنەماڵەی گەورەی کوردستان ، بەهەشتیی شێخ عەبدوڵلای نەهری ، له پێش شەڕی گەورەی یەکەمدا یەکێك بووه له ئەندامەکانی «کۆمەڵی هێڤی کورد» له ئەستەموولْ . تەخمیسی دیوانی خواجه حافظی شیرازی ، که هەڵبەستی ئەمین یومنی بەگی خەڵکی سلێمانیه ، به خەتێکی خۆشی – فارسی – دەستنووسی ئەمه کراوه به زەنگوغراف ساڵی ۱۳۲۹ «؟» له ئەستەموولْ چاپکراوه . مستەفا شەوق ، ئەم هەڵبەستەی خوارەوەی له گۆڤاری «ژین»ی باسکراودا بەم دیباچەیەوه نووسیوه .)

ئەمجا (پەخشانەکەو ۲٤ دێڕی قەسیدەکە)ی بڵاو کردووەتەوه که بێگومان دەستکاریی ڕێنووس کراوەو چەند ووشەیێکیش به هەڵە گو استراوەتەوەو چاپ کراوه . . بەڵام گرنگه له یاد نەچێ «۲» پەراوێزیشی نووسیوه ، یەکێکیان سەبارەت بەندی (برایموکێ)و ئەوی دیکەیان ئەم هەواڵە گرنگەیە که دەڵێ : (بێجگه لەم ، مصطەفا شەوقی یەکی تریش هەیە ، ساڵی ۱۹۲۷ م ، کتێبی کوردی به ناوی «پەیژە»وه له بەغدا چاپکرد) .

ئەم باسەش که ڕۆشنایی دەدا له چەند لایەنێکی گفتاری د . مارفو چەند گومانو پرسیارێکی کاك مومتاز ، به یەکجاریی بەوه یەکلایی‌و بەهێز دەبێ که وەڵامی پرسیارێك بدرێتەوه : (قاضی زادە : مستەفا شەوق) له ڕۆژنامەی (ژین – ئەستەموول)دا نووسینی هەیە ؟ .

خۆشبەختییه که به هۆی کۆششی مەردانەی مامۆستا (موحەممەد ئەمین بوزئەرسەلان) له وولاتی (سوید)دا هەر «٦» ژمارەی گۆڤاری (ژین – ئەستەنبولْ : ۱۹۱۸ – ۱۹۱۹) له مانگی (کانونا پاشیش «کانوونی دووەمی» ۱۹۸۵)دا چاپو بڵاوکرابێتەوه[١٢] . ئەو مامۆستا بەڕێزە ، هەموو ژمارەکانی‌و لاپەڕەکانی (گۆڤارەکەی) به وێنەی خۆیانەوه چاپکردووەو لەوه پتر ، ناواخنی هەموویانی له پیتی عەرەبییەوه گۆڕیوه بۆ پیتی لاتینی – ئێستای تورکیا – و لەسەری نووسیوه .

ئێمه که مەبەستمان (مستەفا شەوق)یه نەك ئاشنا کردنی ئەو (گۆڤارە) بەنرخە ، چاومان روون دەبێتەوه که له «۳» ژمارەی ئەودا ، نەك هەر ناوی ، بەڵکو «۳» شیعرو «۱» گوتاری (قاضی زادە : مستەفا شەوق) یان (م .شەوق) دەبینین ، که ئێمه بەکەمێك دەستکاریی ڕێنووسیانەوه ، بەتەواوی پەراوێزی خۆیانەوه ، دەیانخەینه بەرچاو :

۱ – ژین – برنجی سنه عدد ۱ ، ۷ تشرین ثانی ۱۳۳٤ «ڕۆمی بەرامبەر ۱۹۱۸–۱۹۱۹ زایینی / ك .ر .م» . صاحب امتیازو مدیر مسئول : حمزە . نجم استقبال مطبعەسی . . . له لاپەڕه ۱٤ و ۱٥دا (هاواری دایکێ !) به ئیمزای (قاضی زادە : مصطفی شوقی) بەم جۆرە بڵاوکردووەتەوه :

### هاواری دایکێ*[١٣] ! . .

صبەینێکی زو ، هەوا ساردو ڕۆژ تازە سەری هێنابوه دەرێ . گوندێکی ڕوخاو له دورەوه ، صەحرائێکی واسیع دەنێویدا ، شەقامه ڕێ‌یێك ، بۆ لای ڕۆژئاوایه دەڕۆی . له قەراغ ڕێگایەکی چۆمێکی بەخوڕ دەهات . ڕوی صەحرای به گیای شین ، کراسێکی مەخمەری لەبەر کردبو ، لەوێ کوردێکی جوان هەیکەل ، به خەواڵوێی ڕاکشابو . لەسەر سەری به سیمائێکی ماتەم‌داری‌و به جەبین ئەصیل «ئەسڵ/ك .ر .م» دەردار ، ژنێکی کوردی پیر به ئەو مەقامانه خەریك بو که له خەوی هەڵستێنێ :

لـه تـەئـثیری فسونی ڕۆژی تـابـان ، عـالـەمی شۆری ! . .
مەگەر تۆ چاوەکانم مێری[١] کوردان هێشتا مەخموری ! . . .
لـه نازی بالـنجی خەو ساتێ هەڵێنه سەر ، تەماشاکه ! . .
لـــه مـــێرگولان دەخوێنن بولـــبولی شەیـــدا بـــەڕەنجوری

بەهار هاتوە نەشەی بای وەعدەیە عەمرم تەماشاکە
لەبەر ماڵی وەسیعی موڵکی بابت دەنگی سەمطوری .
صەدای هاتو نیهات «=
نەهات /ك .ر .م»و دەنگی زەنگوڵ‌قۆڕی کاروانە
کە بارت کۆچی کردو دەستەو داوێن هێشتە مەهجوری :
چە لۆن جەری دەکەی ؟ . .گەر یاری تۆ بدزن لە ماڵی تۆ
ئەگەر چە صەبری ، سیس ، وەك برایمۆکی (٢) دەبن مابوی
کرێوەی بەفری زستانی تەواو عەمری بەسەر بوری
وەکو باپیرە گەورەت حیفظی ناموست لەسەر شەرطە
کە دایکت پیرو خوشکت میردو «=
مردو /ك .ر .م» ماڵت چۆڵ خاپوری
بە مسکێنی مەڵی دەستم بە زنجیری سەخت بەستراوە ناە
کە ئەو زنجیرە دەستت جەهل‌و غەفلەت بو ، رەقیبی تۆ
بە ئەفسون بەستی قوڵت ، چونکە زانی مەست‌و مەسحوری . .
ئەوێستا لە یێخەی (ڕۆژهەلاتی) تاو هەلات ڕابە ! . .
بە ئاذانی نەجات‌دە دەستی بەستراوت ! . .کە مەغدوری
صەلاحی کاری تۆ سەعیەو ئەمەل بابی نیگەهبانت
بە ڕوناکی چرای عەزمت ، بڕۆ بۆ شاری شاپوری .
دە (ژینی) حەق خۆت ثابیت بکە بۆ یارو ئەغیاران
بە دەستڕە[٣] بستڕە فیرمێسکی «فرمێسکی/ك
ر .م»[٤] شەوق‌و چاوی بێ‌نوری . .
بەبێ تۆ کەهورو سۆران‌و موکری‌و موڵکی بابان ، زار
کە گێژی[٥] بختیاریی چونکە مەستی ئەورۆ لێت تۆری[٦]

## حیدر پاشا

قاضی زادە
مصطفی شوق

پەراوێزەکانی

(١) – لەهجە ، طەرەفی وانی یە . یەعنی (مەرد) بە بلباس ، پیاو
(٢) – ئیشارەتە بۆ بەندی برایمۆکی کە دەژێر بەفرێدا مابو
(٣) – یاخود دەستماڵ عەینی مەندیلە .
(٤) – یاخود ئەسرین ،
(٥) – ئەوە لوغەتی بلباسانە . ئەصڵی لوغەت ، کیج « = کچ/ك .ر .م»
(٦) – مەصدەری (لێ‌تۆرین)ە یەعنی (دارلق) وەکو ئەو مەصدەرەی دەزبانی کوردیدا زۆر مەصدەر هەن کە تەصریفیان بە واسیطەی ضەمائیری شەخصیە لە مابەینی وی‌و ئەو ئەداتانە مومکینە . مەثەلا مەصدەری لێ‌دان : لێم‌دا ، لێ‌دا ، لێت‌دا ، لێمان‌دا ، لێتان‌دا ، لێیان‌دا وە سائیرە .
(٢) – ژین – برنجی سنە . عدد ٣ ، ٢٠ تشرین ثانی ١٣٣٤ . . . لە لاپەڕە «١١ و ١٢ و ١٣»دا شیعرێکی بە ئیمزای (قاضی‌زادە : م . شوق . موصل ١٣٣٢ « =ڕۆمی بەرامبەر ١٩١٦ی زایینی /ك .ر .م») بلاوکردووەتەوە :

(بە مناسەبەتی قەتل‌و عامی ڕوسان لە سابلاغی)

## فریاد

جەبین میناى زیو ، گەرد هوما ، خاڵ موشکی تاتاری . .
شەدە[١] شبل «شل/ك.ر.م» چاوبە کبل «کل/ك .ر .م»
ڕو سورەگوڵ ، طەڕڕارو عەیاری ! . .
بە باڵا سەروی بوستان بە لەطافەت موعجیزو ئەلسەخا . . .
کە زارت حوقەی بلورو ددانت دوڕڕی شاواری
بە لەنجەو لارەکەت وا دیارە نەشئەی تۆ لە کوردانە
وە ئیللا چۆن دەبێ‌تن پێکەوە ظوڵم‌و وەفاداری ؟ . . !
کە ئاوی جوگەلەی سابلاغی نەشئەی چاوی مەخمورت
مێزگوڵە سەهەند[٢] و کێوی[٣] لا جانی بەفری عالەمی باری
تەماشای چاوی بادامیت‌و صەبرم ، ماینعو ئەلجمعەینە :
شەرابی نابی عەشق‌و ئەمری فەرمونت بە هوشیاری . . .
جەفای نوری دیدەی من ، لەسەر دڵی گەورە کێوی‌کە
خودای شەفەقەت وەرە قوربان دەسا جارێ بەغەم خواری ! . .

وەرە تـــا شەرحی ئـــەحوالی دڵی خۆمت لـــەبۆ بـــێژم .
وەرە تـا من بـە فـرمێسکـم بشۆم بۆت پـەردەی تـاری .
(عـــلیم‌الله) لـــە پـاش تـــەشریفو چونی تۆ لـــە (سابلاغی)
وەطـــەن وێرانو مـــاڵ سوتـــاو دەکـــیژی لاو خوێن‌بـــاری . .
دەنـــێو مـــێرگوڵەکـــانـــدا سوش «؟» زەردو هـــەلاڵەی سور . .
لـــەباغو بـــاغچـــەکـــانـــدا بولـــبول شەیـــداو پـــاساری
بە ظوڵمو جـەوری دوشمـنبو ، بـەهاریان زەردە پائیزێکە
لە بێ ڕەحـمیو دڵ سەختی بە باریان ، بار لە لێو باری .
لـە ئاغایانو ئەشرافو مـەلایـان ، کـەس نـەما ئەوڕۆ .
لەسەر ئەنقاضی ماڵیان خۆ دەخوێنێ کوند (٤) بەبێ عاری .
لـــە ئـــەوی پـــێش من کـــە دەم‌کوت «=دەمگوت/ ... ر م»
ئـــەی بـــراکـــان غـــەفـــڵەتو بـــەس بێ ! .
جـەفات فـەرمو وطـەعنەت دا کە (شەوق) بۆچی بازاڕی ؟
ئـەوێ وەقتێ ئـەتۆ مـەستو غورورو حوسنو ئانت بوی . .
ئـەتۆ شاو من جوانێکی فـەقیر بومو ڕو بـە شەڕی شاری . .
لـە تیژی ئاگری عـەشق تۆ ذیهنم هـێنـدە مودرێك بو ! . .
کـە ئـەو ئەحواڵەکـانم یـەك بـە یـەك دیـبو بـە بێداری . .
موصل ١٣٣٢

قاضی زادە : م . شوق .

**پەراوێزەکانی :**

(١) لە موکریان عادەتە جوانانی کیژان‌لەباتی دەسترەی ، شەدەی لەسەر دەبەستن لە ئاوریشمێ .
(٢) کۆێکی خۆشەو فێنکە لە حەوالی سابلاغی .
(٣) ناحیەێکە لە نێزیك سابلاغی . جێگای عەشیرەتی ، مامشە
(٤) بە فارسی ، بوم . بایەقوش .

(٣) – ژین – برنجی سنە . عدد ٤ ، ٢٨ تشرین ثانی ١٣٣٤ . . لە لاپەڕەکانی «١٢ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٥ ، ١٦» بڵاو



زکی صائب

بە دووی یەکدا (شیعر)و (گوتار)ێکی بە ئیمزای (قاضی زادە : م . شوقی)یەوە بڵاو کردووەتەوە :

**«شیعر»**

## تەحەسسوری جوانیو تەرانەی وەطەن

بـەبێ تۆ عـالـەمی دڵ ، غـەرق دەریای یەئسو حیرمانە . .
تـەمـاشاکـە : شەپۆلی ئـەوڕۆ چـلۆن سەر ڕێژی چاوانە ؟ . .
عـەجـەب طۆفان‌دەرە حـیسی شەبـابم ، هـەڵدەچێ دائیم
لـە قـەلبی پڕ خـرۆش ئـەسرینی چـاوم لـەعلی ڕومانـە . .
دە ئـافـاق ئـەمـەل ئـەوڕۆ سەرابـە وەصـڵی تۆ ، دورە
لە بۆیـە فـەلسـەفـەی ژینێ لـە بۆ من بۆتـە ئـەفسانە . .
جوانیو ئـەشئـەو شەوق حـەیـاتم بێ‌تۆ بـەربـادە . .
بـەهـار رابوردو هـاوین هـاتو پـائیز ، وەقتی زستـانـە .
خولاصـە مـەقصـەدی من زوڵفی کـاڵ بو ، بۆیـە لێم گێژە
سەراپـا فـیکـرو حیـسم مـیثلی زوڵفی خاوی جـانـانـە . .
لـە شریـانو وەریـدی جـیسـمی فـانی من وەکو خوێن ،
مـەلالی چـاوی مـەخـموورت دەکـا دەورانو سەیـرانـە . .
بـەڵێ «حـەللاجـم» ئـەوڕۆ ئـەبری ڕەنگی بێ‌ڕەنگیم . . .
بەسەودای تۆ مـەستم ، چونکـە چاوت داویە پـەیمانـە . .
(ئـەثیر)ی حوسنی تۆ چون موعـکـیسی ئـەنواری لاهوتـە
لـە تـاریـکی وجود کونجی نـاسوت ڕۆژی تـابـانـە
چـرای فـیکـرم لـەوێ دائیم دەکـاتن ئیـقتـیباسی نور
مـیـثـالی پیری مـەیخواران لـە جـامی لـەعلی مـەیخانـە
لـە صـەحـران مـێرغوزار عـالـەمی ئـەرواحی «علـیین»ـە
شەهـەنشـە بو ، خـەیـاڵی فـیکـری سەربـازم ، طـاقـانـە
موحیطەی من فـەلەك بوو ئەوجی قودسیەتی نیشانە دڵ . . .



مونەززەهبوم ، لە پابەندی فسون جیسم و خومخانە . . .
کە تەقدیری ئەزەل وا هات ئەسیری چاوی جادوت بم
دەسیجن طەبعی چواران روحی پاکم بەندی زیندانە
چلۆن طەبعی بەشەر مەخلوطی خاکی پاکی طینت بو ؟
هبوطی کردوە فیکرو روحم هاتە هێلانە .
لە نێو دنیای خالی هەڵبژاردەی پاش تەدقیق ،
لە جەرگەی ئەحیادا مەئمەن و مەئوای شاهانە . .
چەمەن شین و سەمەن خۆش بن و دائم مەستی ئیزهارە
بە بشاخ و داخ و چۆم و کانیەکان سەرطاقی ئێرانە . . .
لەوێ دائم دەنۆشێ بادەی سەودا ، صبەینانی زو
بە پیاڵەی چاو نێرگس ، بولبول ئاشفتە ، چرانە
لەوێ تێراو دەبێ ، خولیای جوانی و روح (نحمکیتان ؟ ؟)
ئوفولی ئەرغوانی و رۆژی پاش مانگی تابانە . .
کە خاکی پاکی وی لانکە لە بۆ ئیسقانی باپیرمان
لەسەر قەبری جوانان دیدەی شیلێرە گریانە . .
تەماشای هەر قەددی داریّ مەکە ! ئەورۆ بەگیان سەختی
کە ئەو شینایە یادگاری قەدیمی دایکی کوردانە . .
لەوێ ئەورۆ بەبێ‌تۆ دەردەدارە دایکی سەرشینت
بە بێ تۆ دەزگیرانت مەساط « = مات
ك. ر. م» چاو جوان دیدە گریانە
ئەوێ مولکی قدیم و مەوطین ئەجدادی پێشوتە !
بە مەردی مەی‌روخینە چون جەریم – ی «؟» مولکی بابانە
بەعیلم و مەعریفەت تێرئاو بکە فیکری
جوانیت « = جوانت/ك. ر. م» تا
دەگەڵ (شەوق) بە جوتە موتەفیق بین «ك .ر .م» مەردو مەردانە
قاضی زادە : م . شوق

## «گوتار»

وەضعیەتی ئێمە : کوردان دە عەصری حاضر ئەوێستا کە دە عالەمدا ئەساسی عورف و عادەت کۆنە ، بە تەرەقی زەمانەو پێش‌کەوتنی علوم و فنونی تازە ، کە هەر یەکێك لەوان خاریق ئەلعادە فیکری ئینسانیان ئیشغال کردوە ، صەبرە صەبرە تەکامولی کردو لە بۆ سەعادەتی بەنی بەشەری عالەمان لە هەمو قووەت و تەئثیراتی طەبیعیە ، بە نەوعێکی «محیر العقول» ڕێگای ئیستراحەتی ئینسانیان تەئمین کردوە .

بەڵێ ، بەس لە بۆ ئیستراحەتی ئینسانان بو کە ڕێی ئاسین « = ئاسن/ك .ر .م» (شەمەندوفەر) و کەشتی بوخاری لە پاش ئەو هەمو مەشەققەت و دەردە سەریەی ئیجادکرا ، بە واسیطەی وی ڕێگای دور ، نێزیك بو ، مەشەققەتی سەفەری زەمانی قەدیم کە دەبوایە بە پشتی ولاغی بکرێ ، بە تەواوی لە دنیایە – غەیری مەملەکەتی بەدبەختی ئێمە نەبێ – هەڵگیراو بەوی مومکین بو کە خانەوادەی نەوعی ئادەم بە ئاسانی لەگەڵ یەکتری تێکیلی « = تێکەڵی / ك .ر .م» پەیدا بکەن و لە جیرانی خۆیان شتی تازە فێر بن و لە شاری یەکتری هاتو چۆیە بکەن و بە نەوعەی تیجارەتی بکەن و ماڵی خۆیان ئاوادان بکەن .

لە لایەکی دی هەر ئەو عیلمەو فەننە بو کە لە بۆ چارەی بەعضە موصیبەتێکی کە دە پێشودا بە یەخەی غەدداری خۆی زۆر مەملەکەتی خراب کرد بو ، چرای چەند هەزار ماڵی کوژاندەبو ، دەرو ڕێگایەکی ڕاستی دۆزیەوەو لە بۆ ناخۆشی و دەردەواریان ، عیلمی طەبابەت وەکو پێغەمبەر فەرمویەتی : (لکل داء دواء) دەرمانێکی تازەی دیەوەو لەسەر سەری ضەعیف ئینسانی رەفع کرد . ئینسان دەتوانێ (پێ‌بگە ؟) زۆر موصیبەت و دەردی پێشوو ، ئەورۆ تەواوی دەفع کراون .

بەس مەعلوم بو زەمانی وێستا ، خولاصەی سەعی و غیرەت و کەشفیاتی چەند صەد ساڵەیەو ئەو هەمو تەرقیبانە ، بە ڕۆشنێکی تازە ، ژیانێکی دیکەیان پەیدا کردوەو هەمو دنیا ، لە طەرزی ئەو ژیانەی بە قەدەر ئەوی کە لازمە ئیستیفادەیان کرد ، وە ئەوە بو کە ئەورۆکە مەدەنیەتی حاضیرە یاخود مەدەنیەتی عەصری بیستەم هاتە وجودێ . .

کەوا بو ئینسان دەتوانێ بڵێ عەصری وێستا خولاصەی

سەعی و تەرەققی ئەو هەمو سالەیەو ئەوان کەسانەی کە ئەویستا دەژین ، دەیانەوێ کە ئاسودە ، مەسعود بن . .

دەگەلێ ئەو هەمو پێشرەفتی‌یەی عەصری حاضیر ، لە گەلێك شتاندا لە دوایەو عیلم و فەن نەی‌توانیوە لە ئینسانانندا بەعضێ صیفەتێکی خراب هەلێبگرێ ، مەثەلا حیرص و طەمەعی ئەوێستا ، فیکری هەموو کەس ئەوەیە کە رزق غەیری خۆیان بڕفێن و دەڵێن :

## ئەمن دەخۆم ئەتو مەخو ! . .

لەوی خصوصەدا زەمانی پێشو دەگەلێ ئەو هەمو جەهلەی چاتر بو ، چونکە حیرص ئەوەندە زۆر نەبو ، پیاوی فەقیرو میللەتی بێ‌دەستەلات دائیما موحافەظە دەکران ، بلاّ ئەوێستا وا نیە مەعەئەلتەئەسوف وەکو دەڵێ : (فەلەکزەدەو ئەزهەر طەرەفی سونگی) . ئەوانە کە بەضەعیفی مان لە هەمو طەرەفێکی تەعەرضیان بۆ دەکەن ، بە طەمەعی کراسی بەری ، دەکوژرێن . . لەبەر ئەوەی لازمە بێ‌دەستەلاتان لە بۆ موحافەظەی حەیاتی خۆیان زۆرتر تەقەلای بکەن تا نەگوشرێن . بەلێ لە عەصری حاضیر ئینسان یا دەبێ سەعی بکا بژی ، یاخود کە تەمبەلێبو بمرێ . . جا بە ئەو مولاحەظە ئەمن پێم‌خۆشە کەمێك ئەحوالی خۆمان تەماشا بکەم ، و مەعەئەلمەمنونییە وە بیینم کە : قەومی من یەعنی کوردان ، میللەتێکن موستەعیدو وەطەن پەروەرو دائیما لە بناغەی تەئریخیان هەتا وێستا کە چوار هەزار سالێ ڕابوردوەو دەگەلێ ئەوێ زۆری قەومی جیرانیان وەکو ئاثوری و بابلی و سائیرە کە مەحو بون و ئەورۆ کەسیان لێ‌نەماوە ، ئەوان بە واسیطەی ئەو حەمییەتە کە هەیانە ، هەر مان و هەم وەها مان کە ئینسان ئەورۆ دەتوانێ بڵێ : کوردستان هیە ! ئەو کوردستانە کە خەلکی وی ، هەمو عەشیرەتن ، پیاون ، غیرەتن ، موسلمانن ، صاحیب ناموسێن ، مەدرەسەو فەقێیان هەیە ، ئەسپ و ماینی حودود دەبەخشێ . . فەقەط چە فائیدە ئەورۆ لە دنیای دور ماون و فیکر لە خرابی خەلکی کە لە حەق دانیان هەیە تەمامەن بێ‌خەبەرن . . . هەتا وێستا چۆن لە ڕۆژئاوا (مەغریب ، فرەنگستان)یە دور بون ، ئاگایان لە هیچ نەبو ، وە وایان دەزانی کە وەکو پێشو دەتوانن لە ماڵە بابیان ڕاحەت بمێنن . . بلاّ ئەورۆ مەعەئەلتەئەسوف زەمانە وا نەماوە ، جێگامان خرابە ، بە چاکەی ناتوانن ڕاوێستن . . لە بۆ دەفعی ناموسمان ، وەطەنمان مەجبورین کە ئێمەش وەکو خەلکی بە غیرەت بین ، بە قووەت بین ، عیلممان بەبێ « =بیێ/ك .ر .م» بە خەبەربین ، وە ئیللا دەمرین .

بەلێ برایەکانی من ! . . ئەمن کوردم و بەوی فەخر دەکەم ، بلاّ چپکەم زەمانە بە تۆبزی ئیقرارمە پێ‌دەکا کە بڵێم : ئەورۆ قەومی ڕەش ، وەحشی ئەفریقای گەرم ، بە واسیطەی عیلم و هونەر لە دنیادا جێگایان هەیە ، مەکتەبیان هەیە ، ڕێ ئاسنیان هیە ، دەولەمەندن . . . بلاّ ئێمە دەگەلێ ئەوی قەدیمین ئەصلمان نەجیبە ، بەدبەختین و هێشتا لە مەملەکەتی خۆشی کوردستانێ ، هەچەی هەچەی . . گوێ‌درێژی دێن و دورین . . لەبەر بێ‌عیلمی مرودمان بەبێ نوێژی دەمرێ . . لەبەر بێ حەکیمی دایکمان لەسەر مندالی وەفات دەکا . . لەبەر پیسایە چاومان کوێر دەبێ ، لەبەر بێ‌صنعەتی چەند پولێکی کە بە ئەزییەت وەگیرمان دەکەوێ ، بە خۆڕانی دەیدەین بە خەلکی . .

وە ئەگەر خودا نەخواستە وا دەوام بکا ئەروەتمان ، ضاییع دەبێ و مولکمان لە دەست‌دەڕواو دەبین بە نوکەرو بە زەلیلی دەمرین . . ژنمان فەساد کراوە . . فەقەط لە بۆ ئێوە حەیفە دەگەلێ ئەو شەئن و شوهرەتەتان وا بەفەقیری ڕاوەستن و بە تەمبەلی مولکی عەزیزتان لەدەست بدەن . ئەلبەتە ، ئێوە کە صاحیب شەرفین « =شەرەفن/ك .ر .م» قیصەی من دەگوێ دەگرین « =/ك .ر .م» ، وەرن تا زوە لە بۆ خاطری ئێسکی باب و باپیرمان ئیتیفاق بکەین و وەطەنی خۆشمان قوربانی مەنفەعەتی ڕەزیلەو کورسی ڕیاسەت نەکەین . . چونکە وەقت تەنگە . . و دوشمن لە غەفلەت ئیستیفادە دەکا . . حی علی


پنجشنبه ٧ تشرین ثانی ١٣٣٤
عدد ١
ژین
سنه‌لگی ٢٢٠ غروشدر
آلتی آیلغی ١٢٠ غروشدر
مسلکمزه موافق مقالات مع الممنونیه درج اولنور
درج اولونمیان مقالات اعاده اولنماز
دینی ، ادبیات ، اجتماعیات و اقتصادیاتدن بحث ایدر ... کوردجه غزته‌در
مندرجات
بر خطاب . . . . . . . . . . . حمدی زاده ابراهیم
کوردلر اویقوده دکل . . . . . . . . . بر کورد
ضحاك افسانه‌سی . . . . . . . . . کوردی بابانی
بانك . . . . . . . . . . . ع . رحمی
خوآنه . . . . . . . . . . . ع . رحمی
هاوار . . . . . . . . . . . مصطفی شوقی
نسخه‌سی ٥ غروشدر
نجم استقبال مطبعه‌سی

الفلاح ! وە ئیللا پەشیمان دەبنەوەو ئەوی دەمی هیچ فائیدە نیە .

بـعـد ازین کر بسر قبر مـن ائی تـو ، چـنـان مـی‌مـانـد :
نوش دارو کـه پس از مـرك بـه سهـراب دهـنـد . . .
قاضی‌زادە : م . شوق

**«تەواو»**

پێ : بەم شێوەیەو بە دڵنیایەوە (شاعیرو نووسەر ، قاضی‌زادە – مستەفا شەوقی) نیشتیمان‌پەروەر ئاشنا دەبێ ، بەڵام سەرەڕای نەبوونی بەڵگەنامەیێك –باوەڕپێ‌کراو – بەرامبەر کەسی خۆی‌و خانەدانی (لەوەی مامۆستا نەجمەددین مەلاو ، ئاشناکردنەکەی د . مارف بەولاوە) بۆمان هەیە ، بە هۆی ئەم شیعرانەو گوتاریەوە ، دەنگ بۆ ئەو رایە بدەین کە بە راستی (کوردیﻯموکری)یە ، بەتایبەت بە رۆشنایی :

١ – هەموو بەرهەمەکانی (قاضی زادە : مستەفا شەوقی) بە شێوەی موکریە نەك شێوەیێکی سلێمانیانەی وەك خاوەنی (پەیژە – ١٩٢٧) .

٢ – تووانای بەرزو رەنگینی لە شیعرداو ژیری هۆشی ، هەروەها شارەزایی لە زماندا ، وا دەنوێنێ ریشەی خانەدانی ئایینی بووەو ناسراو بوون .

٣ – هەموو پەراوێزێکی بۆ ئاشناکردنی زاری هۆزێکی کورد ، یان شوێنێکی ، رووداوێکی کوردەواریی ، ئاشنایەتی تەواوەتی دەنوێنێ بەرامبەر (موکریان)و دەوروبەری .

٤ – شیعری (فریاد – بە موناسەبەتی قەتڵ‌و عامی روسان لە سابلاغی) کە شوێن‌و ساڵی دانانەکەی پێوەیە ( =موسڵ : ١٣٣٢ی رۆمی – ١٩١٦ز) دوو باسمان دەخەنە دڵەوە :

یەکەم : ئاگاداری ئەو کوشتارو وێرانییە مێژووییە بووەو کارێکی گەورەی تێ‌کردووە چۆن کاری لە شاعیری موکریان (عەلی بەگ سالار سەعید) کردووە کە ئەویش لەسەر ئەو کارەساتە قەسیدەیێکی بەناوبانگی داناوە .

دووەم : چاوەنۆڕ دەکرێ – قاضی زادە – خۆیشی یەکێك بووبێ لە نێو هەزاران سەرگەردان‌و پەراوازەی جەنگی یەکەم – ١٩١٤ بۆیێکە هەر لە (موسڵ) دا قەسیدەکەی داناوە . شایانی باسە ئەگەرچی مێژووناسان وا دەگێڕنەوە – وەك مامۆستا حوزنی موکریانی – کە ئەو کوشتارە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩١٤ دا رووی داوە[13] ، بەڵام نەهامەتیی ئەو جەنگە شوومە بۆ کوردستان – لە قوڵی کوردستانی ئێرانەوە – هەتا پاش جەنگەکە ، بگرە بە کێشە سیاسی‌یێکا نیەوە هەتا کۆتایی ساڵانی بیستی خایاندووەو هەزاران خەڵکی ئەوێ – بە موکریانەوە ، هەروەها بە خانەدانی شەمزینانەوە – ئاوارە بوون ، بۆ وێنە (موهاجیری شەمزینان : عەبدوڵڵا)ی دانیشتووی رواندز ، لە ساڵی ١٩٢٥دا – کە گوتارێکی لەسەر ئەوکارەساتە نووسیوە[14] – دەگێڕێتەوە ، ئا لەو هەڵەدا نێزیکەی دوو سەد پیاوو ژن‌و منداڵی سابلاغ کە رووس دیلی کردبوون‌و لە قەفقاس‌و سایبریا گل دابوونەوە ، دەهاتنەوە بۆ رواندز هەتا لەوێوە بچنەوە سابلاغ‌و گوندەکانی دەوروبەری . . . ئا بەم رۆشناییەش گومان کردن لە هەبوونی

(قاضی زاده : م. شەوق) لە دەوڵەتی عوسمانیی - کاتی جەنگداو پاشتر، پەسەند نییە.

## بەشی دووەم

ناسینەوەی (مستەفا شەوق) ئەفسەرو ڕۆژنامەنووسی) کاك مومتاز - کە لە پێش منەوە خەریکی کۆڵینەوەیە لە مستەفا شەوق ڕۆژنامەنووس و جوامێرانەش لە سەرەتای ١٩٨٤ دا وێنەیکی «پەیژە»ی پێشکەش کردین[١٥] - لە لیکۆڵینەوەکەی (میهرەجان)و بڵاوکراوەی (ڕوشنبیری نوێ - ١٩٨١) و کتێبەکەی (مسەتفا شەوق و پەیژە - ١٩٨٥)دا ، بە پرس کردن و ڕا وەرگرتن (کلیلی) ناسینەوەی (مستەفا شەوق) ڕۆژنامەنووسی دروست کرد، بەڵام کلیلێك بە شێوە! ئێمە کۆششمان دەخەینە پاڵ کۆششی و لە (ڕاستیی) ئەو (کەسە) دەکۆڵینەوە کە پێش هەر باسێك پێویستە بیرورا وەرگیراوەکانی - نێو کۆششی - کاك مومتاز یاد بکەینەوە کە ئەمەن :

● مامۆستا شاکیر فەتتاح گوتی[١٦] : مستەفا شەوق ئەفسەرێکی نیشتمانپەروەری کوردبوو . لە پاش ڕووخانی (دەوڵەتی عوسمانیی) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان . ئیدیی فرمانی میریی نەکردووە ، بەڵکو لە پێناوی پێشکەوتنی نەتەوەی کورددا هەردەم لە خەباتدابووە .

● مامۆستا گیوی موکریانیی[١٧] ، بەر لە کۆچی دوایی ، گوتی : پاش گەڕانەوەی لە ئەستەموول ، لە ڕواندز کرا بە زابتی تەجنید . لەوێ بە نەخۆشیی دڵ ڕاوەستان مرد !

● مامۆستا شەمسەددین سلیمان سلاحشۆر - ڕواندزی - گوتی[١٨] :

من دەیناسم . زابتی تەجنیدبوو لە ڕواندز . من ئەو کاتە بەڕێوەبەری شارەوانیی ڕواندزبووم . ڕۆژێکیان لە پڕێکدا دڵی ڕاوەستاو مرد ، وابزانم ساڵی ١٩٣٨-١٩٣٩ بوو .

● مامۆستا عەلائەددین سەججادیی گوتی[١٩] : مستەفا شەوق خەڵکی سلێمانیی بووە . وەزیفەی مەدەنیی دبوە .

● د . عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ[٢٠] گوتی : مستەفا شەوق زابتێکی خەڵکی سلێمانیی بوو ، لە سوپای عوسمانییدا کاری کردووەو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە سوپای عێراقدا دیسان کاری کردووەو تا پلەی (موقەددەم) ڕۆیشتووەو خزمی لە سلێمانیدا هەن ، یەکێکیان کاك محییەددین دگلە .

کاك مومتاز لە (کتێبەکە)یشدا ، «٢» نامەی دیی بڵاوکردووەتەوە کە لەوەپێش باسیان کراو هەواڵی پێشوو (زابت تەجنید بووەوە لەوێدا مردووەو نێژراوە) دەسەلمێنن . ئەم هەواڵە دەم و دوویانە - بە بڕیاری کاك مومتازەوە کە کوردی سلێمانیی بووە بۆ ئێمە (دوو) پرسیاری گرنگ دەخەنە بەرچاو :

١ - ئەم هەواڵانە چەندی ڕاستە ؟

٢ - ئەگەر فرمانی میریی - سوپایی ڕاپەڕاندبێ ، کەی و چۆن - بەپێی قانوون - کاری ڕۆژنامە نووسیی و جم و جووڵی سیاسیی هەبووە ؟

### ڕوشنایی بۆ پرسیاری نوێ :

لەگەڵ ڕێزمان بۆ کاك مومتاز لە (لیکۆڵینەوە)ی ١٩٨١-١٩٨٥دا ئەم باسانە ڕەچاو نەکراوون :

یەکەم : پێش ڕۆژنامەی (بانگ کوردستان - ١٩٢٦)و پێش (پەیژە - ١٩٢٧) مستەفا شەوق بە گوتاری ڕۆژنامەنووسیی سیاسیی بە نرخەوە بەرچاو کەوتووە . . وێنەیش ئەمەن :

١ - ڕۆژنامەی . ژیانەوە[٢١] - س ٢ . ژ ٤٩ پێنجشەنبە ١٩ی تشرین ثانی ١٩٢٥ . گوتارێکی - بێ ناونیشان - لە سەر کارەساتی کوردانی ژووروو «گوویان»و هاتنی نوێنەری عوسبەتولوئەمم - ژەنەڕاڵ لایدۆنییر - ی نووسیوەو ئیمزایشی «م . شەوق» بووە .

٢ - ڕۆژنامەی : ژیان[٢٢] - س ١ . ژ ٦ پێنجشەنبە ٢٥ی شوباطی ١٩٢٦ . گوتارێکی سیاسی بە ناونیشانی (کوردستان)ەوە نووسیوەو ئیمزایش (مصطفى شوق) بووە .

شایانە بگوترێ ، هەردوو گوتار بە شێوەی سلێمانیی بوون .

دووەم : ئەم سەرچاوانەش ، وێنەی جم و جۆڵی سیاسیی و

کۆمەڵایەتیی ئەویان گرتووە :

١ – چیم دی – ئەحمەد خواجە . ج ٣ . ل ١٩٧٢/٣٠ ، دەڵێ : لە بەغداددا بڕیاردرا کە کۆمەڵەیێکی سیاسیی نهێنیی دابمەزرێت ، لە خانووەکەی ئیمە – بابەعەلی‌دا . . . کۆبوونەوەیێك کراو بە ناوی (پیشتیوان)ەوە ئەم کۆمەڵە ڕێك‌خرا : ١٩٢٧/٧/١٠ . مستەفا شەوقی سەرۆك‌بوو .

٢ – خەباتی ڕۆشنبیران – شاکیر فەتتاح . ل ١٩٨٤/٤٠ [٢٤] کە یادداشتی ساڵی ١٩٣١ دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : بەیانی هەینی لە سەر جاڕدانی (یانەی سەرکەوتن) دوو لیژنە هەڵبژێردران . لیژنەی ناوچە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی . مستەفا شەوقی (لەم لیژنەیەی دوواییدا ناوی بە ئەندام هاتووە / ك .ر .م) . لە لاپەڕە ٤٦ی ئەو سەرچاوەیەشدا لە ژێر ناونیشانی (کۆمەڵێکی نهێنیی)دا ، یادداشت خراوەتەوە ڕوو ، دەگێڕێتەوە : بیستوومە لە بەغداددا کۆمەڵەیێکی نهێنیی پێك‌هاتووە ، خەبات دەکات بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان مافی خۆی دەست‌بکەوێ . مستەفا شەوقی (ناوی لە نێو ئەندامەکاندا هاتووە /ك .ر .م) .

کاکڵەی ئەم هەواڵ‌و باسانەش ئەوەیە ، مستەفا شەوقی لە گوتاری ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥وە هەتا ١٩٣١ بە کوڵی بیرو باوەڕەوە لە مەیدانەکانی سیاسەت‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆژنامەنووسیدا بووەو لە بەغداددا بەرچاو کەوتووە !

ئا ئەمانە ، هەموویان چەمانایێکی تایبەت دەبەخشن ؟

## وەڵامی بەڵگەی باوەڕ پی‌کراو

ڕۆژنامەی – ڕەسمیی – میریی عێراق (الوقائع العراقية : س ٣ . ع . ٣٥ الاحد ٤ تشرين أول ١٩٢٥) فرمانی مەلەکیی ژمارە «٦١٥»ی بلاوکردووەتەوەو دەڵێ : (بە پێی مادده «٢٣»ی دەستکاری‌کراوی قانوونی ئەساسیی ، بە خواهیشتی مەلیکیی ، ئەم ئەفسەرانە خانەنشین‌کران) [٢٥] .

لە نێو (٨) ئەفسەردا بە پلەو ناوی تەواوەوە ، ناوی **مولازمی ثانی : مصطفى شوقی بن رمضان)** هاتووە : کەوابوو بۆ یەکەمین جار ، وەك پلەو ناوی تەواوی مستەفا شەوقی بەرچاو دەکەوێ ، ڕاستی‌یێکی گەورەش خۆی بۆ ئیمە دەدات بەدەستەوە کە ئەوەیە ، (دووای پێوەندیی دابڕینی لە فرمانی میریی – سوپایی) مافی ڕۆژنامەنووسیی‌و بیروڕا دەربڕینی سیاسیی ئاشکرای بۆ هەڵکەوتووەو هەر (مانگێك) پاش (خانەنشین بوون)ی لە ڕۆژنامەکانی ، (ژیانەوە ، ژیان)دا گوتاری نووسیوەو پاش (نێزیکەی دوو مانگی) بە ئاشکرا بووە بە (نووسەر – محرر –ی ڕۆژنامەی بانگ‌ کوردستان : ژ ١٤–١ : ٢٨ کانون ثانی ١٩٢٦) [٢٦] . بێ لەمانەیش ، هەر ئەو بەڵگانەو ناواخنی بابەتەکانی گوتارەکانی ، دڵنیامان دەکەن کە (هۆی سیاسیی) مایەی خانەنشین‌بوونی‌بووە یان بە خواهیشتی میریی یان بە هەڵبژاردنی خۆی ! ! بەلام . . ئایا مستەفا شەوقی (ئێمە) بەڕاست ئەو پلەو ناوەیە ؟

مستەفا شەوقی ، خۆی ، ساڵێك پاش کوژانەوەی ٣ ژمارە – مۆمەکەی ڕۆژنامەی (بانگ‌ کوردستان . ژ ١٤–١ ، ٢ ، ١٩٢٦/٣) دەردەکەوێ‌و لە پێشەکیی (پەیژە : ١٩٢٧/٥/٢٣) [٢٧] دا باسێکی بەنرخی بەجێ‌هێشتووەو دەڵێ : (تاکو ڕۆژنامەیێکمان بۆ ڕایی ئەبێت ، جارێ هەر بۆ ئەوەی کە نوسینمان بلاو ببێتەوە ، بە هیوای یارمەتی تێگەیشتووان میلەتەوە ، ناو بەناو بەم جۆرە خزمەتی میلەتم گرتووەتە بەر) [٢٨] .

ئەمجا هەواڵێکی گرنگی نیشان‌داوین‌و دەڵێ (بە تایبەتی تکا لە تێگەیشتووان میلەت ئەکەم لە لایەنی ناتەواوی شێوەی نوسینەوە لێم ببورن : بیست‌و هەشت ساڵ لەمەو پێش ، هەشت ساڵان بووم لە کوردستان دورکەوتومەوە ، تائێستا هەر بە زمانی فارسی‌و عربی‌و تورکی لە خوێندن‌و نوسینا ڕاهاتووم . بە زمانی خۆ ، بەبێ هاودەنگ ، ئەمڕۆ هەر ئەوەندە ئەتوانم بنوسم !) [٢٩] .

ئەگەر لە دوو بەندی گفتارەکەیشی زۆر نەوەستین ، ئەوا

ساڵەکانی تەمەنی بۆ ئێمە گرنگەو ٢٨+٨= ٣٦ ساڵ لە (کوردستان) دوور کەوتووەتەوە کە دەکاتە : ١٩٢٧ – ٣٦= ١٨٩١ی زایینی کە (ساڵی لە دایك‌بوونییەتی). بەڵام لە کوێداو بۆ کوێ چووە ؟

ئەو تەمەنەو ناوە (نوێ)یەی دەستمان دەگرن بەڕاستیی‌و بۆ (یەکەمین جار) پتر خۆی‌و ڕیشەی‌و ساڵ‌و شوێنی لە دایك‌بوون‌و خوێندن‌و فرمانی سوپایی‌و کاتی گەڕانەوەی بۆ عێراق‌و پلەی بناسینەوە کە سەرچاوەمان هەر (بەڵگەی باوەڕ پی‌کراوە) .

ڕۆژنامەی – ڕەسمی – میری : (الوقائع العراقية – س ٣ . ١٩٢٤ . الخميس ١٠ تموز ١٩٢٤) خواهیشتی مەلەکی «ژ.٢٩٤» [٣٠]ی دەرکردووە بۆ جێگیرکردنی (٧٩) ئەفسەری خاوەن پلەی جۆربەجۆر (لە دەوڵەتی عوسمانییدا ئەفسەربوون‌و هاتوونەتەوە بۆ عێراق‌و چوونەتە ڕیزی سوپای عێراقەوە) . لە نێو ناوەکانیشدا – لیستەیێکە [٣١] – جارێکی دی هەمان ناوی (پێشووی) مستەفا شەوقی تۆمارکراوەو دەگێڕێتەوە :

الرتبة : ملازم ثاني

الاسم الكامل واللقب : مصطفى شوقي بن رمضان

محل الولادة : بغداد .

سنة الولادة : ١٨٨٩

تأريخ تعينه برتبة ضابط : ١٩١٦ «لە دەوڵەتی عوسمانییدا / ك.ر.م»

تأريخ دخوله الى الجيش العراقي : ١٩٢٤/٩/١٥

تأريخ رتبته الحالية : ١٩١٦

شایانی باسە ، ناوی مستەفا شەوقی – ڕەمەزان ، هەرگیز لەوەپێش نەهاتووە ، چە لە ژمارەکانی (٢-٦/کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ی الوقائع العراقية)دا کە ناوو پلەی چەسپاو دامەزراندنەوەی «٤١١» ئەفسەری عوسمانیی – عێراقیی تێدایە . هەروەها چە لە لیستەکانی – پاشکۆی – کتێبەکەی دوکتۆرە



١٦ ( ژین )

او کردستانه که خلکی‌ی همو عشیرتن یباون ، غیرتن ، مسلمان ، صاحب ناموسین ، مدرسه وفقیان هیه ، اسپ وماین حدود ده‌بخشی ... فقط حیفائه اوروله دنیای‌دورماون وله فکر خراب خلکی‌که‌حق واپیان هیه تماما بی‌خبرن ... هاوبیتا چونله‌روژ آوا ( مغرب ، فرنگستان ) یه‌دور بون اکایانه هیچ نیو ، ووایان دزانی کوه کوبشبوه ، نوانله‌مال بایان راحت بیوین ... بلاوور ومع‌التأسف زمانه واناوه ، چیکمان خرابه ، بیجاکه ناتوانن‌داوبیتین ... له‌بودفع ناموسمان ، وطنمان مجبورین که ایمش وه‌کو خلکی بغیرت‌بین ، بقوت‌بین ، علممان ببی بمجربین‌اولاده‌مرین م بی برایکان من ! .. امن کردم وبوی فخره‌کم ، بلاحیکم زمانه بتورزی افرادمدبی دکاکه بلیم : اوروقوم وش وحشی افریقای کرم ، بواسطهٔ علم‌وهنر لدنیا داچیکان هیه ، مکتبیان هیه ، ری آسنیان هیه ، دولمندن ... بلایه دکل‌اوی قدیمین اسلمان‌هیه ، بدبختین وهیشاله‌مملکت خوشی کردستان ، هیچمان هیچه ... کوی دریژی دین ودورین ... له‌بریا علمی مردومان ببی توتیری دمری ... له‌بری حکیمی داکمان لاسم شغالی وفات دکا ... لبرسایه جاهمان کوردمان ، له‌بری صنعتی جندولیک کمابذیت وه‌گیرمان ده‌کوی بخوراک دیمین بخلکی ...

وا گرخدا نخواسته‌وادوام بکاروتان صنایع دین‌وملکمان له‌دست‌ده‌رو ده‌بین‌به‌نوکر وبدلیل‌دمرین ... [illegible] ...

فقط لو‌وابوهیه‌ده‌کل اوشانه‌شهرتمان واجعفری‌داوسمق وبه‌تیر علم وهنرمان له‌دست بدمن . البته ایوه‌که‌صاحب‌شرفین ، قیمة من‌ده‌کوی ده‌کرینم وون نازدوملو خاطر ایسک باب وباپیرمان اتفاق بکین ووطن خوشمان تریم منفعت وزیده وکرمی ریاست‌نه‌کین .. چونکه وقت تنگه .. ودشمن له‌غفلت استفاده‌دکا ... حی‌علی‌الفلاح . والا پشیمانی ده‌بینه‌وموادی دنی هیچ فائده‌یه

بنازین کر بیر تهرمی آنتو ، چاك بماند :

نوش دارو که پس از مرگ بسهراب دهند ...

قاضی زاده م شوقی

محمد استقلال مطبعه‌سی — صاحب امتیاز ومدیر مسئولی : حزیم

ڕەجاء ئەلخەطابدا [٣٢] کە لە لایێك پلەو ناوی «٢١٧» سوپایی عوسمانیی – عێراقیی تێدایە کە ساڵانی ٢٠-٢١ی ١٩٢٢ گەڕاونەتەوە بۆ عێراق . لە لایێکیشەوە بە تێکرایی ناوی «٣١١» ئەفسەرو سوپایی تێدایە کە تێکرا هاتوونەتەوە . . جگە لەم باسەش ، ناوی مستەفا شەوقی ڕەمەزان ، هەرگیز لە نێو ڕۆژنامەی ناوبراودا ، چە لە نێو ئەفسەرانی خانەنشین‌کراو کە سەر لە نوێ خراونەتەوە ژێر باری فرمانی سوپاییەوە ، چە لە نێو کەسانی دیدا کە کاری مەدەنییان دیوە ، بەرچاو ناکەوێت [٣٣] . جێگای خۆیشییەتی پەنجە بدەینەوە لە تەمەن‌و شوێنی لە دایك‌بوونی‌و خوێندنی مستەفا شەوقی‌و بڵێین : ئەگەر

خەڵکی سلێمانی بووبێ «!» ئاشکرایە بە تەمەنی «١٠»ساڵانەوە « = ١٨٨٩ز» نەك «٨» ساڵانەوە « = ١٨٩١ز» ناو نووس‌کراوەو خانەیشی هەر بە (بەغداد) نەك بە باژێرێکی کوردستان ناونووس‌کراوە.

بۆ خوێندنیشی ئەو گفتارەی خۆی (هەر بە زمانی فارسی‌و عەرەبی‌و تورکی لە خوێندن‌و نوسینا ڕاهاتووم) و دەگەیێنێ کە یەکەمین سەرچاوەی ئەم زمانانە بۆ ئەوەی کورد (خوێندنە لە فێرگەی روشدییەو فێرگەی ئەعدادیی عەسکەری – بەغداد) کە مامۆستای کۆچ‌کردوو، عەبدوڵرەززاق ئەهیلالی، دەڵێ:

## پەراوێز

(١) بەغداد – ١٩٧٤. چاپخانەی. دار الحرية للطباعة

(٢) بەغداد – ١٩٧٤. چاپخانەی. مەعاریف (لە پێشەکیدا)

(٣) هەمان سەرچاوە. پەراوێز «١٣».

(٤) هەمان سەرچاوە. پەراوێز «١٢».

(٥) گۆڤاری (رۆژی کوردستان)ی ناوبراو. پەراوێز «١٤»

(٦) سلێمانی – ١٩٧٣. چاپخانەی ڕاپەرین.

(٧) گوتارەکەی د. مارف خەزنەدار – بڵاوکراوەی کتێبی (مستەفا شەوقی‌و پەیژە) بەم جۆرە (دوکتۆر مستەفا شەوق) ئاشنا دەکا.

مستەفا شەوق کوڕی قازی لەتیف بن ئامۆزای قازی محەممەدی بەناوبانگە. جگە لە نازناوی «شەوق» کە لە شیعردا بەکاری هێناوە، بەقازی (زادە) ش ناسراوە. لە شاری مەهاباد (سابلاغ)دا لە دایك‌بووە. هێشتا منداڵی یا مێرد منداڵ‌بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. براێکی لە خۆی گەورەتری بووە. ناوی یەمین قازی بووە. لە پاش مردنی باوکیان ئەم کاکەی لە میرات‌و ماڵی باوکی بێ بەشی کردووە. ئەویش ناچاربوو سەری خۆی هەڵگری‌و ڕوو بکاتە ئەستەمووڵ. لەوێو بەرەو ئەڵمانیا بڕوا بە ئومێدی ئەوەی (دوکتۆر جەوادی قازی‌ی) خزمی هۆی ژیان‌و خوێندنی بۆ پێك بهێنێ. مستەفا شەوق ماوەیێکی زۆر لە ئەڵمانیا ژیاوە. هەموو پلەکانی خوێندنی تەواو کردووە تا (دوکتۆرای لە پزیشکی) وەرگرتووە. بووە بە تەبیبێکی یەکجار شارەزاو چاك – لەو سەردەمەی کە لە ئەڵمانیا ژیاوە گەلێ جار خەڵکی فێری زمانی کوردی کردووە. بەمە پارەی دەست خستووەو پێی ژیاوە. لە پاش تەواو کردنی خوێندن لە ئەڵمانیا هاتۆتەوە ئەستەمووڵ‌و خەریکی تەبیبی‌بووە. لە نزیکەوە خەریکی سیاسەتیش بووە تا بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی «خۆیبون». لە لایەن سەرۆکایەتی کۆمەڵەوە نێردراوەتە مەهاباد (سابلاغ) بۆ ئەوەی لەوێ لقی «خۆیبوون» دامەزرێنێ‌و بیرو باوەڕی کوردایەتی بڵاوبکاتەوە. دوکتۆر مستەفا شەوق لە ساڵی ١٩٢٩دا گەیشتۆتە مەهاباد. ئیتر ئەبەلای کاکی‌دا چووەو نە خراپەشی بەڕوودا داوەتەوە. هەروەها داوای بەشە میراتی خۆیشی نەکردووە. لەگەڵ ئەو هەموو موڵك‌و ماڵەی کە بۆی بەجێ‌مابوو خانوویێکی بەکرێ گرتبوو. تێیدا دەژیاو پێشوازی نەخۆشی تێدادەکرد. دوکتۆر مستەفا شەوق ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد. نەوەکو وەك تەبیبێك. بەڵکو وەك نیشتمانپەروەرێك وتێکۆشەرێك لە پێناوی کوردایەتی‌دا سەری لە قوتابخانەکان دەدا. لەگەڵ خەڵك تێکەڵ دەبوو. لە هەموو ماڵێك‌دا باس هەر باسی ئەوبوو. ئەم ئادەمیزادە دڵسۆزە لە خێروەمەندیش‌دا هاوتای نەبووەو هەژارانی بە خۆڕایی موعایەنەو تیمار دەکرد. نەك تەنیا ئەوە بەڵکو داوو دەرمانیشی دەدانێ بە بێ‌پارە. سەرڕای ئەم هەموو بەرهانە. مستەفا شەوق شاعیرو نووسەر خۆش زەوقیش‌بوو. شیعری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانی زۆرە «!». لەو کاتەی کە هێشتا لە مەهاباد بوو. سروودێکی نووسیبو قوتابی‌یان بە ئاوازەوە دەیانخوێندەوە. سروودەکە بەم جۆرە دەستی پێ‌کردووە.

وەتـــــــەنی کوردی‌و بـــــــاغ‌و گوڵزاری
لـــــە بـــــاتی بـــــاران خوێنی لێ‌بـــــاری «!»

(تێبینی. کاك د. مارف. ئەمجا باسی چۆنییەتی ناسینەوەی دوکتۆر مستەفای کردووە کە گۆیا کەلکی وەرگرتووە لە دەست نووسی نەجمەددین مەلا. گۆڤاری کوردستان – ١٩١٩ی ئەستەنبوول‌و پرس کردن‌و ڕاوەرگرتنی کردووە. لە پەراوێزیشدا چەند تێبینەیێکی نیشان داوە. لەوانە: سەبارەت بە «جەوادی قازی» کە پاش «ئوسکارمان» ئەڵمانی چووە بۆ ئەڵمانیاو دوکتۆرای لە قانووندا وەرگرتووە.. هتد).

(٨) کتێبی: پەیژەو مستەفا شەوق – ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەی مومتاز حەیدەری. مطبعة الاديب البغدادية – ١٩٨٥.

ل: ٧٦ – ٧٧ (دوو نامە)ی: لوقمان دەرگەلەیی‌و سامی عەبدولقادر سلێمانی. (لە لێکۆڵینەوەکەی. میهرەجان – رۆشنبیری نوێ‌دا نین).

(٩) سەرچاوەی پێشوو – ل ٣٦

(١٠) سەرچاوەی پێشوو – ل ٩

(١١) سەرچاوەی پێشوو – ل ٦٩ و گۆڤاری «رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣» شایانی باسە بڵێین. گوتاری د. مارف. ئەویش بۆ لێکۆڵینەوە لە (دوکتۆر مستەفا شەوق) دەرگای خستووەتە سەرپشت.

(١٢)

JIN, KURDI – TIRKI

1918 – 1919
Cild: I Werger ji tipen Erebi bo tipen Latini
M. EMIN BOZARSLAN. Sweed — 1985

نه : بنۆره :

بێ : دەستکەوتنی کۆمەڵەی ئەم گۆڤارە بە هۆی کاك د . عیززەددین مستەفا رەسووڵەوە بوو کە لە نامەخانەی خۆیدابوو . رێگای داین وێنەیشی لێ بگرینەوە . بۆ ئەو هەڵوێستەی شایانی سوپاسە .

(١٣) بنۆرە : حوزنی موکریانی «باسێکی کوردی ئێران پاش مەشروطیەت» گۆڤاری . دەنگی گێتی‌ی تازە – ژ ١٥ . س ٣ . ب ٢ : ١١ی شوباتی ١٩٤٦

(١٤) بنۆرە : عبداللە – موهاجری شەمدینان – ساکین رواندز «خوی چاکو طالعی خراپ » گۆڤاری : دیاری کوردستان – ژ ٧ . س ١ : ١٨ حوزیران ١٩٢٥ .

(تێبینی : شیعری . عەلی بەگ سالار سەعید هەر لە ئەو گوتارەدا هەیە . هەروەها لە «کولێجی ئەدەبیات – ژ ١٥»ی بڵاوکراوەی د . مارف‌دا) .

(١٥) گەلێ برادەری رۆژنامەنووس ئاگادارمانن – نەك هەر بە پەیژەو مستەفا شەوقییەوە – چەند ساڵێکە دەستیان داوەتە پرۆژەیێکی رۆژنامەنووسی (رۆژنامە – رادیۆ – تەلەفیزیۆن) . هەر بەو ناوەشەوە خواهیشتیان لە کاك مومتاز کردو ئەو دیارییەمان لێ وەرگرت کە شایانی سوپاسە .

(١٦) رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣ و کتێبی ناوبراو – ل ٣٠

(١٧) رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣ و کتێبی ناوبراو – ل ٣٠

(١٨) رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣ و کتێبی ناوبراو – ل ٣١

(١٩) رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣ و کتێبی ناوبراو – ل ٣٦

(٢٠) رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣ و کتێبی ناوبراو – ل – ٣٦

(٢٠) رۆشنبیری نوێ – ژ ٨٣ و کتێبی ناوبراو – ل ٣٦

(٢١) ژیانەوە : ژ ١ –١٨ آب ١٩٢٤ – ژ ٥٦ – ١٤ کانون دووەم ١٩٢٦ .

(٢٢) رۆژنامەیێکی هەفتانەی میری‌بوو لە چاپخانەی بەلەدییەی سلێمانی دەردەچوو .

ژیان : ژ ١ – ٢١ کانون دووەم ١٩٢٦ – ژ ٥٥٣ – ١٠ مارت ١٩٣٨ . رۆژنامەیێکی هەفتانەی سەر بە میری‌بوو . جێگای (ژیانەوە)ی گرتەوەو (ژین)ی پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامە نووس جێگای گرتەوە . پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣٢ەوەوە بوو بە بەڕێوەبەری «ژیان» .

(٢٣) لە : سلێمانی – چاپخانەی ڕاپەرین .

بێ : عبدالرزاق الحسني – تأریخ الاحزاب السیاسیة العراقیة . ط ٢ . بیروت – ١٩٨٣ (لە پەراوێزی ل : ٣١٥دا دامەزراندنی کۆمەڵەی «پشتیوان»ی خستووەتە ڕێکەوتی ١٥ی تەمووزی ١٩٢٧ . شایانی باسە بڵێین . (پەیژە) لەپێش ئەو مێژووەدا واتە لە ٢٩ی ١١ی ١٩٢٦دا ئیزنی چاپ‌و بڵاوبوونەوەی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە .

(٢٤) بەغداد – چاپخانەی الحوادث .

(٢٥) خواهیشتەکە بە ئیمزای : زید – نائب الملك . رئیس الوزراء : عبدالمحسن السعدون وزیر الدفاع : صبیح نشأت –ە .

(٢٦) بانگ کردستان – س١ . ژ ١ چوارشمە ٢ أغستوس ١٩٢٢ صاحب امتیاز ومدیر مسئول‌و سر محرر : مصطفی پاشا – محرر کردی‌و فارسی علی کمال‌و م . نوری ( =هەردوو شاعیر) محرر تورکی : رفیق حلمی .

ئەم رۆژنامەیە زمانی حاڵی (جەمعیەتی مەعاریفی کوردستان – ٢٠ تەموز ١٩٢٢) بوو . لە (ژ ٦ :١٨ ئەیلوول ١٩٢٢) هەتا (ژ ١٣ تشرین ثانی ١٩٢٢) رۆژنامەی حوکمداریی دووەمین جاری شێخ مەحموودی حەفید بوو . (ژ ١٤ : ٨ حوزیران ١٩٢٣) دووای «٨» مانگ ڕاوەستان هەر لە سلێمانیی دەرچوو کە ئینگلیز سلێمانیی داگیرکردەوە . بەڵام لەوە دووا لە کارکەووت .

مستەفا پاشا – دەنگی – لە بەغداددا ویستی بیبووژێنێتەوە . ئەوەبوو لە (٢٢ کانون ثانی ١٩٢٦)دا سەر لەنوێ دەریکردەوەو (ژ : ١٤)ی پێشووی‌کرد بە (زنجیرەیی)و هەر «٣» ژمارەی پێ‌دەرکرا . هەتا (ژ : ١٤–٣ / ١ نیسان ١٩٢٦) ئیدی ئاوابوو . مستەفا پاشا : کوڕی عەزیز یاموڵکی خەڵکی سلێمانییە (١٨٦٥ سلێمانیی – ١٩٣٦ بەغداد . لە سلێمانییدا نێژراوە) .

(٢٧) (پەیژە) بڵاوکراوەیێکی شێوە گۆڤارێکی ڕۆژنامەنووسییە – خۆی بە رۆژنامەو گۆڤار ناونەبردووە – مستەفا شەوقی بە ئیزنی وەزارەتی ناوخۆو بە پێی بەندی «٤» قانوونی چاپەمەنیی دەریکردووە و (٤) گوتاری جۆر بەجۆری (خۆی) و (٢) شیعری سەید عەبدولخالیق کەرکووکی (= ئەثیری شاعیر : ١٨٩٠ کەرکووك – ١٩٦٢ کەرکووك) و شیعرێکی . م . نوری (شێخ نووری شێخ صالح : ١٨٩٧ سلێمانی – ١٩٥٨ سلێمانیی) و شیعرێکی (مەلا حەسەنی قاضی) تێدایە . . . بۆ پتر ناسینەوەی بنۆرە (مستەفا شەوقی‌و پەیژە) .

(٢٨) پەیژە – پێ‌شەکی (مستەفا شەوقی‌و پەیژە) ل ٥–١٠١

(٢٩) پەیژە – پێشەکی (مستەفا شەوقی‌و پەیژ) ل ٥ – ١٠١

(٣٠) فرمانەکە بە ئیمزای : مەلیکی یەکەم – فیصل . رئیس الوزراء : جعفر العسکری . وزیرالدفاع : نوری السعید – لا . بە مێژووی ٢١ حوزیران ١٩٢٤ .

(٣١) ئەم لیستەیە ناوی هێندێك ئەفسەری دیی کوردی تێدایەو سەرچاوەیێکی بەنرخە وەك لیستەکانی دیی (الوقائع العراقیة) بۆ ناسینەوەی ئەفسەرەکانی کوردی ئەو رۆژگارانە . هیواداریین نووسەرانی دیی بایەخی پێ‌بدەن .

(٣٢) بنۆرە : الدکتورە رجاء حسین حسني الخطاب – تأسیس الجیش العراق وتطور دورە السیاسی من ١٩٢١ – ١٩٤١ . دار الحریة للطباعة – بغداد – ١٩٧٩ . ص : ٣٤٥ – ٣٥٦ .

(٣٣) شایانی باسە لە ١٩٢٢ – ١٩٣٢دا (بێ لەو دووجارە) لە رۆژنامەی (الوقائع العراقیة)دا ناویمان نەدیوە .